## سەلیم بەرەکات رۆمانێکی نوێ بڵاودەکاتەوە

# رووداوەکانی سووریا لە ئاوێنەی شاژنی تەدمورەوە

■ ئا: بەسام مستەفا

نووسەری عەرەبینووسی بە رەچەڵەک کورد، سەلیم بەرەکات، رۆمانێکی تازەی بڵاوکردەوە. رۆمانە نوێیەکەی بەرەکات بەناوی "زئیر القلال فی حدائق زنوبیا"یە.

سەلیم بەرەکات کە لە رۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە و ئێستا لە سوێد نیشتەجێیە، نووسەرێکی پڕ بەرهەمە، تاوەکو ئێستا بە دەیان رۆمان و گوتار و دیوانی شیعری نووسیوە. لە دوایین رۆمانیدا دەگەڕێتەوە بۆ شاری دیرۆکیی تەدمور لە سووریا و باسی چیرۆکی ژیان و مردنی شاژن زەنوبیا، شاژنی تەدمور دەکات.

دوای رۆمانی "سبایا سنجار" کە ماوەیەک لەمەوبەر چاپ و بڵاوکرایەوە، رۆماننووسی کورد کە بە زمانی عەرەبی دەنووسێ و جیهانی ئەدەبیاتی عەرەبی سەرسام کردووە، بەبێ وەستان درێژە بە ئەفراندن و داهێنانەکانی دەدات لە بواری ئەدەبیاتدا. وێستگەی ئەمجارەی بەرەکات، شاری تەدموری سووریایە و باس لە مێژووی کەڤناری ئەو شارە دەکات. ئەو شارە مێژووییە لە شەڕی شەش ساڵەی سووریادا، بەشی خۆی لە کاولکاری بەرکەوت. شارەکە کە پڕپەتی لە شوێنەوار، ماوەیەک کەوتە ژێر دەستی چەکدارانی داعش و بەوهۆیەوە زیانێکی زۆر بەر شوێنەوارەکانی کەوت.

ئەم رۆمانە بیست و سێیەمین رۆمانی سەلیم بەرەکاتە کە لەلایەن دەزگای عەرەبی بۆ لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوە، چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

سەلیم بەرەکات لەو رۆمانەدا رۆدەچێتە نێو رۆژگاری شاژنی تەدمور، شاژنە زەنوبیا کە لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی رۆمانی لە ململانێدا بوو. بە زمانە تایبەتەکەی خۆی خەیاڵی خوێنەر دەباتە نێو کوچە تاریکەکانی مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سووریا کە تاوەکوو ئێستا گرێدراوی ئەو مێژووە تاڵەن.

لەو رۆمانەدا کە لە 580 لاپەڕە پێکدێ، بەرەکات نەک وەک دیرۆکنووس، لێ وەک رۆماننووس سەیری مێژوو دەکات. بەتایبەتی باسی پەیوەندیی نێوان ئیمپراتۆریەتی رۆمانی و پاڵمێرا (تەدمور دەکات، هەروەها باسی چۆنیەتی بەدیلگرتن و کوشتنی زەنوبیا دەکات. وەکوو هەر جارێک زمانی بەرەکات لەو رۆمانەدا سیحراوی و جیاوازە، ئەو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ رووداوەکانی ئێستای سووریا دەبەستێتەوە بە رووداوە مێژووییەکانی ناوچەکە و تەدمور بە نموونە دێنێتەوە.

بەرەکات لە بەشێکی رۆمانەکەدا دەڵێت:

"هیرۆدسی یەکەم تەمەنی 18 ساڵە. ئەو لە رۆما میوانی ئیمپراتۆر کلۆدیۆسی دووەمینە. ئەمە یەکێکە لە دابونەریتەکانی هاوپەیمانی لە نێوان ئیمپراتۆرەکاندا. ئەمان کوڕێکی ئەوان دەبەنە لای خۆیان، بۆ ئەوەی رێگە لە پیلانگێڕی و شکاندنی سۆز و بەڵێنەکان بگرن. ئۆدینازوس لێی پرسی: سنوورەکانی رۆما چین؟ سنوورەکانی خواوەندەکانی رۆما چین؟ ئەوکاتەی خواوەندەکان زۆر دەبن، هەڵبەت بۆ هەر خواوەندێک سنوورێک دروست دەبێ. هەر ناوچەیەک دەبێتە موڵکی خواوەندێک. باکوور خواوەندێکی هەیە، رۆژهەڵاتیش خواوەندێک، هەروەها باشووریش. هەر چیایەک دەبێتە خاوەنی خواوەندێک، بە هەمانشێوە دەریا و رووبار و هەورەکانیش. ئەگەر تەنیا یەک خواوەند هەبێ، مرۆڤەکان یەکدی قڕ دەکەن بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی ئەو خواوەندە، چونکە فرت و فێڵ و تەڵەکەبازییەکانی مرۆڤ کۆتاییان نایەت".






> "ئەگەر تەنیا یەک خواوەند هەبێ، مرۆڤەکان یەکدی قڕ دەکەن، بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی ئەو خواوەندە"

## نوێترین رۆمانی دیدار مەسیفییە

# تەمۆخ بە ئێوارە دەستپێدەکات و بە مردن کۆتایی دێت


■ ئا: ئەدەب و کولتوور

نوێترین رۆمانی دیدار مەسیفی، رۆماننووس و چیرۆکنووس بەناوی تەمۆخ بڵاودەکرێتەوە کە لە 210 لاپەڕە پێکدێ و لەلایەن ناوەندی ئاوێر لە هەولێر چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

مەسیفی، لەبارەی رۆمانەکەی بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی گوت "تەمۆخ بە ئێوارە دەستپێدەکات و بە مردن کۆتایی دێت، کارەکتەری سەرەکی کەسێکە رەشبینانە بیردەکاتەوە، بەتایبەتی دوای مردنی یەکێک لە کوڕانی میر کە بەوەش ترس لە تۆوی دووبەرەکی تێیدا قووڵ دەبێتەوە و تێکەڵ بە جۆرێک لە کەشی ئەفسانە دەبێت و رووداو و پێشهاتەکان خوێنەر لەگەڵ خۆیدا دەبات. ئەو کارەکتەرە زۆرجار لە رابردوودا دەژی و بیرەوەرییەکان دەیبەنەوە بۆ سەردەمی منداڵی و هەڕەتی لاوی. ئەو ناتوانێت بە سادەیی بیربکاتەوە و لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا شیکردنەوەی قووڵتر بۆ دیاردەکان دەکات و خۆی وتەنی دەچێتە نێو فیکران. هێندە گەشتەکانی کەوتووەتە ناوەوەی خۆی و سەرکێشییەکانی سەردەکەن، دوای گەڕانەوەی لە گەشتی ئەوبەری دەریاکان و ئەزموونی دەرەوە، گۆڕان لە جیهانبینیی ئەودا روودەدا و شتەکان رۆشنتر دەبینێ".

دیدار مەسیفی، لەساڵی 1990ـەوە چیرۆک دەنووسێ، دوای ماوەیەک دابڕان، لە ساڵی 2000ـەوە دووبارە دەستی دایەوە نووسین و خاوەنی چەند بەرهەمێکی چاپکراوە، لەوانە رۆمانی "ئێلشا" و کۆمەڵە چیرۆکی "قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم".

مەسیفی، بەدەر لە نووسینی رۆمان و چیرۆک، چەندین لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی بۆ رۆمانی نوێی ئەدەبیاتی جیهانی کردووە و لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە، جگە لە زمانی کوردی، بە زمانی ئینگلیزیش دەنووسێ.




# عەتا نەهایی پاسەوانی مەزرای سالنجەر دەکاتە کوردی

■ ئا: سیروان عەباس


نووسەر و وەرگێڕی کورد عەتا نەهایی، سەرقاڵی وەرگێڕانی رۆمانێکی نووسەری ئەمریکی سالنجەرە بە ناوی «پاسەوانی مەزرا» و دەڵێت: لە زمانی فارسییەوە وەریدەگێڕم بۆ کوردی و بەهۆی سانسۆر لەسەر کتێب لە ئێران، لەگەڵ چاپە ئینگلیزییەکەدا بەراوردی دەکەم.


پاسەوانی مەزرا یەکێکە لە رۆمانە بەناوبانگەکانی نووسەری ناوداری ئەمریکی سالنجەر، ناوەڕۆکەکەی کۆمەڵایەتییە و باس لە ژیانی مێرمنداڵێک دەکات بە ناوی «هۆڵدن کۆڵفیلد» کە بۆ سێیەمجار لە قوتابخانە دەردەکرێت.

عەتا نەهایی بە ئەدەب و کولتووری رووداوی راگەیاند: رۆمانەکە نزیکەی 270 لاپەڕە دەبێت و رووداوەکانی بۆ سەرەتای سەدەی بیست دەگەڕێتەوە.

عەتا نەهایی، ساڵی 1960 لە شاری بانەی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە و تاوەکو ئێستا خاوەنی 14 کتێبە کە هەشتیان لە نووسینی خۆین و شەشیان وەرگێڕانن. ساڵی 2005 خەڵاتی دەزگای ئاراسی وەرگرتووە و ساڵی 2008 لە فێستیڤاڵی گەلاوێژ لە سلێمانی خەڵاتی زێڕینی هەردی بۆ داهێنان وەرگرتووە.

جێرۆم دەیڤید سالینجەر، ساڵی 1919 لە شاری نیویۆرک لەدایکبووە. بەناوبانگترین بەرهەمی پاسەوانی مەزرایە. لە ساڵانی لاوێتییەوە دەستیکردووە بە نووسین و یەکەمین کورتە چیرۆکی لە ساڵی 1940 نووسیوە. لە جەنگی دووەمی جیهانیدا وەکو سەربازێکی ئەمریکی بەشداری کردووە و ساڵی 1946 جارێکی دیکە دەستیکردووەتەوە بە نووسین. ساڵی 1951 رۆمانی پاسەوانی مەزرای نووسیوە. سالینجەر ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیست بەتەواوی ناوبانگی دەرکرد و دواتر لە کۆمەڵگە دوورکەوتەوە. ساڵی 1965 دوای بڵاوکردنەوەی چیرۆکێکی دیکەی، تەواوی ژیانی لە دوورەپەرێزیدا بەسەربرد، بەڵام ئەمە بەناوبانگتری کرد. لە تەمەنی 91 ساڵیدا و لە 27ی کانوونی دووەمی 2010 کۆچی دوایی کرد.





# کازۆ ئیشیگۆرۆ...
# براوەی نۆبڵی ئەدەبیات

■ ئا: پەسار فایەق

ئەکادیمیای سویدی، ناوی براوەی ئەمساڵی نۆبڵی ئەدەبیاتی ئاشکرا کرد. لەنێو ئەو پێنج کەسەی بۆ ئەو خەڵاتە کاندید کرابوون، خەڵاتەکە درایە کازۆ ئیشیگۆرۆ، رۆماننووسی بەریتانی – ژاپۆنی.

دامەزراوەی خەڵاتی نۆبڵ، لە ماڵپەڕەکەیدا لەبارەی بەخشینی ئەو خەڵاتە بە کازۆ ئیشیگۆرۆ نووسیویەتی، خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات بەخشرایە ئیشیگۆرۆ، بۆ رۆمانە پڕ لە هەست و سۆزەکانی.

کازۆ ئیشیگۆرۆ لە 8/11/1954 لە ناکازاکیی ژاپۆن لەدایکبووە. تەمەنی پێنج ساڵان بووە کە خێزانەکەی روویان لە ئینگلتەرا کرد، بەڵام ئەو لەساڵی 1982 ولاتینامەی بەریتانی وەرگرت. زمانی ئینگلیزی و فەلسەفەی لە زانکۆی کۆنت خوێندووە و هەروەها بواری "نووسینی داهێنەرانە"شی لە زانکۆی ئینگلیای رۆژهەڵات خوێندووە.

ئیشیگۆرۆ، وەک یەکێک لە ناودارترین ئەدیبانی هاوچەرخ لەسەر ئاستی جیهان ناسراوە، چوار جار کاندیدی خەڵاتی بۆکەر بووە و لەساڵی 1989دا خەڵاتەکەی بۆ رۆمانی "پاشماوەی رۆژ" وەرگرت. پێش ئەو خەڵاتە، بەهۆی رۆمانی "هونەرمەندێک لە جیهانی مەلەوەردا" خەڵاتی (وایت بێرد)ی بردەوە. دوو لە رۆمانەکانی کازۆ بەناوەکانی (پاشماوەی رۆژ) و (هەرگیز بەجێم مەهێڵە) کراون بە فیلمی سینەمایی. ساڵی 2008 رۆژنامەی تایمزی بەریتانی ئەو نووسەرەی وەک یەکێک لە 50 گەورەترین نووسەرانی بەریتانی ناساندووە.

رۆمانی (هەرگیز بەجێم مەهێڵە) ساڵی 2015 لەلایەن نووسەر و وەرگێڕ (سلێمان دڵسۆز)ەوە کراوە بە کوردی.

هەرچەندە ئیشیگۆرۆ لە ژاپۆن لەدایک بووە و ناوەکەی بەمانای بەردی رەش دێت، بەڵام لە زۆربەی هەڤپەیڤینە رۆژنامەڤانییەکانیدا، گوتوویەتی کە زۆر ئاشنا نییە بە ئەدەبیاتی ژاپۆنی و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیشی هیچ پەیوەندیان بە ئەدەبیاتی ولاتەکەیەوە نییە، بەڵام نەیشاردووەتەوە کە کاریگەری سینەماکارانی ژاپۆنی بەسەر بەرهەمەکانییەوە هەیە. کازۆ ئیشیگۆرۆ دوای 29 ساڵ لە جێهێشتنی ژاپۆن، ساڵی 1989 سەری لە زێدی خۆی دایەوە.

## نۆبڵی ئەدەبیاتی 2017

نووسەرە کاندیدکراوەکان بۆ نۆبڵی ئەدەبیاتی ئەمساڵ، 240 کەس بوون و 195 یان هەڵبژێردران بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانیان، پاشان لە لیستێکی کورتدا 15 کەس هەڵبژێردران، لە رۆژی بەخشینی خەڵاتەکەشدا ئاشکرا کرا کە تەنیا پێنج کەس ماونەتەوە بۆ کێبڕکێ لەسەر وەرگرتنی خەڵاتەکە، ئەوانیش: نگۆگی وا سیۆنگۆ، رۆماننووس و چیرۆکنووسی کینیایی، کازۆ ئیشیگۆرۆ، رۆماننووسی بەریتانی – ژاپۆنی، هارۆکی مۆراکامی، رۆماننووسی ژاپۆنی، مارگرێت ئاتوود، شاعیری کەنەدی و چالاکڤانی ژنان. عاموس عۆز رۆماننووس و رۆژنامەڤانی ئیسرائیلی.

براوەی نۆبڵی ئەدەبیاتی ساڵی رابردوو، بۆب دیلان، شاعیر و گۆرانیبێژی ئەمریکی بوو، بەخشینی خەڵاتەکە بەو مشتومڕی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، یەکەمیان لەبەرئەوەی گۆرانیبێژ بوو، دووەمیشیان لەبەرئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر هیچ لێدوانێکی لەبارەی خەڵاتەکەوە نەدا. دوای هەشت مانگ، ئینجا گوتارەکەی پێشکەش کرد کە مەرجە بۆ وەرگرتنی خەڵاتە 900 هەزار دۆلارییەکە.

دیلان، لە گوتارەکەیدا کە بۆ ئەنجوومەنی ئەکادیمیای سویدی ناردبوو، نووسیبووی "کاتێک خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتم وەرگرت، پرسیارم کرد کە چ پەیوەندییەک لە نێوان گۆرانی و ئەدەبدا هەیە؟ ویستم بیر لە بابەتەکە بکەمەوە و دواتر پەیوەندییەکەم دۆزییەوە، بەڵێ لەنێوان گۆرانی و ئەدەبدا پەیوەندییەکی بەهێز و قووڵ هەیە".

## بەرهەمەکانی کازۆر ئیشیگۆرۆ:

### رۆمانەکانی:

- دیمەنی لێڵی گردەکان، 1982
- هونەرمەندێک لە جیهانی مەلەوەرەوە، 1986
- پاشماوەی رۆژ، 1989
- کاتێک هەتیو بووین، 2000
- هەرگیز بەجێم مەهێڵە 2005
- دێوی نێژراو 2015

### سیناریۆکانی:

- پرۆفایلی ئارسەر جەی مەیسن. 1984
- خۆش خۆراک، 1987
- خەمگینترین مۆسیقای جیهان، 2003
- کۆنتسی سپی، 2005

### کورتە چیرۆکەکانی:

- نامۆ و هەندێکجاریش خەمگین، 1981
- خوانی ئێوارە، 1983
- هاوینی پاش شەڕ، 1983
- ئۆکتۆبەری (1948)، 1985
- گوندێک پاش تاریکی، 2001
- ئاوازخوانەکان، 2009

## خەڵاتی نۆبڵ

نۆبڵ، خەڵاتێکی سویدییە و لەلایەن ئەلفرێد نۆبڵ، زانای سویدی دانراوە و ساڵانە لە چەند بوارێکدا دەبەخشرێت.

یەکەم رێوڕەسمی دابەشکردنی خەڵاتەکانی نۆبڵ لە بوارەکانی ئەدەبیات، فیزیا، کیمیا و پزیشکی لە ئەکادیمیای شاهانەی میوزیک لە ساڵی 1901 لە ستۆکهۆڵمی سوید بوو. ساڵی دواتر پادشای سوید، خۆی خەڵاتەکەی بەخشییە براوەکان. گشت خەڵاتەکانی نۆبڵ لە سوید دەبەخشرێن، جگە لە خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی کە لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج دەبەخشرێ.

خەڵاتەکە بریتییە لە بڕوانامە، مەدالیایەکی ئاڵتوون و بڕێک پارە، ساڵی 2001، بڕە پارەکە بە 10 ملیۆن کرۆنی سویدی دیاریکرا، بەڵام دواتر کەمکرایەوە بۆ هەشت ملیۆن کرۆن. ئەگەر چەند کەسێک لەهەمان بواردا خەڵاتیان وەرگرت، ئەوە پارەکەیان بەسەردا دابەش دەکرێ.

---

## نووسینەوەی یادەوەری و ڕووبەری خۆدواندنی تاک

# لە نووسینەوەی یادەوەریدا، راستگۆیی جێگەی پرسیارە



■ سەنگەر زراری

هونەری نووسینەوەی ژیاننامە و یادەوەری، لە سەردەمی ئێستادا بووەتە هونەرێکی ئەدەبیی سەربەخۆ، هەر بۆیەش ئەگەر کەسێک یادەوەری خۆی بنووسێتەوە و شارەزایی لەم هونەرەی نووسین نەبێت، کتێبەکەی کرچوکاڵ دەردەچێت، یان زۆرێک لەوانەی یادەوەریی خۆیان دەنووسنەوە، بۆ نووسینەوە و دارشتنەوەی داوای هاوکاری لە کەسانی شارەزا دەکەن.

هونەری نووسینەوەی ژیاننامە دوو جۆری سەرەکی هەیە.

یەکەم: ژیاننامەی ئەوانی تر: ئەو جۆرەیە کە نووسەرێک باسی ژیانی کەسێک یان کەسانێک بکات، لەڕووی مێژووییەوە کۆنترین جۆری ژیاننامەیە، هەر لە کۆنەوە نووسەران باسی ژیانی پاشا و دەسەڵاتدارانیان کردووە و باس و بەسەرهاتی ژیانیان نووسیونەتەوە.

دووەم: ژیاننامەی خود (یادەوەری): ئەو جۆرەیە کە کەسێک ژیاننامەی خۆی دەگێڕێتەوە و لە روانگەی خۆیەوە باسی رووداوەکان دەکات، (ژیاننامەی خود) جۆری زۆرە، لەوانە: یادەوەری، دانپێدانان، یادنووسی رۆژانە، رۆمانی ژیاننامەئامێز و...

ئێمە لەم بابەتەدا تیشک دەخەینە سەر جۆری دووەمی ژیاننامە، واتا ژیاننامەی ئەو کەسانەی خۆیان ژیانی خۆیان دەنووسنەوە، بە تایبەتیش هەردوو جۆری یادەوەری و یادنووسی رۆژانە.

لە زمانی کوردیدا وشەگەلێکی وەکو: یادەوەری، بیرەوەری، یاداشت، گەشتی ژیان و... بۆ ئەم جۆرە نووسینە بەکاردێت و پێموایە هەموویان راستن و گوزارشتن لە یەک جۆر نووسین، کە ئەویش بریتییە لە نووسینەوەی ژیاننامەی کەسێک، لەلایەن خودی خۆیەوە.

یادەوەری: رووبەرێکی تایبەتە بە خودی کەسەکان، کە لەوێوە دەتوانێ هەموو ئەو شتانەی تایبەتن بەخۆی بیاننووسێتەوە، لەکاتێکدا نووسەر لە بابەتێکی دیکەی وەکو مێژوو یان هەر بابەتێکی دیکەدا ناتوانێ بەو جۆرە گوزارشت لە بۆچوونی خۆی بکات و زۆر خودییانە بیاننووسێتەوە.

لە یادەوەریدا نووسەر دەتوانێ راستگۆیانە باسی ئەو رووداوانە بکات کە لە ژیانیدا روویانداوە، ئەوە بۆیە هەندێ نووسەر یان کەسایەتی دیار، داوا دەکەن بیرەوەرییەکانیان دوای خۆیان بڵاوبکرێتەوە، بۆ ئەوەی تووشی هیچ ئیحراجی، یان لێپێچینەوە، یان هەر کاردانەوەیەک نەبنەوە کە دەشێ لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم یادەوەرییانە بکەوێتەوە، یان زۆرێک لەوانەی خۆیان بیرەوەری خۆیان بڵاو دەکەنەوە، دان بەوەدا دەنێن کە هەموو شتێکیان نەگوتووە، دۆخی ژیانی خۆیان و دەوروبەریان لەبەرچاو گرتووە و هەندێک شتیان بە پێویست نەزانیوە باسی بکەن.

بۆیەش لە نووسینەوەی یادەوەریدا، راستگۆیی جێگەی پرسیارە و رێژەییە، چونکە هیچ کەسێک ناتوانێ بەتەواوی و سەدلەسەد بە بێلایەنی و بابەتییانە باسی رووداوەکانی ژیانی و دەوروبەری بکات، ئەوەندە هەیە کەسانێک هەن، زیاتر لە کەسانی دیکە هەوڵ دەدەن نووسینەکانیان لە بابەتیبوونەوە نزیک بێت.

هەڵبەت کولتوور و کۆمەڵگا و دەوروبەر کاریگەرییان لەسەر نووسینەوەی یادەوەری هەیە، بۆ نموونە، لە کولتووری رۆژئاوادا مرۆڤەکان ئازادیی زیاتریان هەیە لەوەی باسی خودی خۆیان و وردەکاری رووداوەکانی دەوروبەریان بکەن، بەڵام لە ولاتانی رۆژهەڵات، کەسەکان بەهۆی سانسۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینیی و خودییەوە، ناتوانن باسی هەموو لایەن و پەیوەندییەکانی ژیانیان بکەن.

زۆر کەس هەن کە نووسەریش نین و رۆژانە یادەوەری خۆیان دەنووسنەوە و لە رۆژژمێرێکدا تۆماری دەکەن، بەڵام نووسەران و کەسایەتییە سیاسی و بەناوبانگەکان، زیاتر گرنگی بە رووداوەکانی رۆژانە دەدەن و دواجاریش دەیکەنە بنەمایەک بۆ نووسینەوەی یادەوەرییەکانیان لە کۆتایی ژیانیاندا، ئەمە جگە لەوەی ئەم بابەتانە وەکو مێژوو بەگشتی و مێژووی کەسایەتییەکان بەتایبەتی دەمێنن، سوودی زۆری دەروونی و رۆحیشی هەیە، هەر بۆیە بۆ دەربازبوون لە گرژی و ئاڵۆزییەکانی ژیان و زاڵبوون بەسەر ئەو رووداوانەی دێنە پێش، زانایانی دەروونناسی و گەشەپێدانی مرۆیی، رێنمایی ئەوە دەدەن کە پێویستە مرۆڤ رۆژانە یادەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە و سوودەکانیشی لە چەند خاڵێکدا دیاری دەکەن، کە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین.

تەندروستی دەروونی: نووسینەوەی بیرەوەری جۆرێک لە هەناسەدانە، دەربڕینی ئەو دەنگەی ناخە کە مرۆڤ ناتوانێ لە ژیانی رۆژانەیدا بە دەنگ بیانڵێت و لە رێگای نووسینەوە دەتوانێ ئەم فشارە دەروونییە کەم بکاتەوە. پزیشکانی دەروونی گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە ئەگەر مرۆڤ رۆژانە بیست خولەک بۆ نووسینەوەی یادەوەرییەکانی رۆژانەی بەبێ چاودێری و سانسۆر تەرخان بکات، زۆرێک لە کێشە دەروونی و تەنانەت جەستەییەکانیشی چارەسەر دەبن، لەنێو ئەوانیشدا نەخۆشیی شێرپەنجە، هەروەها بەهۆی نووسینەوە، مرۆڤ لە فشارە دەروونییەکان دووردەکەوێتەوە و ئارام دەبێتەوە و دەتوانێ زۆرێک لە کێشەکانی چارەسەر بکات.

داهێنان: نووسینی بەردەوام وا دەکات ئەو کەسە پارێزگاری لەو زانیارییانە بکات کە هەیەتی، پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ قەڵەم و کاغەز یان کۆمپیوتەر (بۆ نووسینەوە)، دەرفەتی دروستبوونی بیر و بیرۆکەی نوێ زیاد دەکات، تەنانەت ئەو کەسە دەتوانێ ئەم بیرۆکانە بکاتە پرۆژەی نووسینی دیکەی جیاواز و گرنگی وەکو چیرۆک و رۆمان.

پەیوەندی لەگەڵ خود: لە جیهانێکی جەنجاڵ و قەرەباڵغی وەکو ئەوەی ئەمڕۆ، زۆر گرنگە مرۆڤ دەرفەتێک بۆ خۆدوێنی و بیرکردنەوە لە خود و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ خود و بەخۆداچوونەوە بدۆزێتەوە، بتوانێ گوزارشت لە خۆی بکات و بیر لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی تر بکاتەوە، ئەمە دەرفەتی ئەوەت بۆ دەڕەخسێنێ کە بیروبۆچوونەکانت رێکبخەیتەوە و بیرکردنەوە گونجاوەکان بۆ ژیانت هەڵبژێری. لەمانەش گرنگتر ئەوەیە کە زۆر کەس نازانن لە ژیانیاندا هیوا و خەونەکانیان چییە، لە رێگای نووسینەوەی یادەوەری و بیرکردنەوەی رۆژانەوە، ئاسۆکانیان روونتر دەبێتەوە و دەتوانن پلان بۆ رۆژانی داهاتوویان دابنێن.

گەڕانەوەی رابردوو: کەسێک ئەگەر بەردەوام یادەوەرییەکانی بنووسێتەوە، دەتوانێ هەر کاتێک بیەوێ گەشتێک بۆ رابردووی ژیانی بکات، سەرکەوتن و شکستەکانی ببینێ و سوودیان لێ ببینێ، سەرکەوتنەکان لەبەرچاو بگرێ و شکستەکان دووبارە نەکاتەوە.

چارەسەری کێشەکان: نووسین توانای بیرکردنەوەی شیکاری و داهێنەرانە بە مرۆڤ دەبەخشێ، بۆ ئەوەی بگاتە باشترین چارەسەر بۆ کێشەکانی دوور لە ئاڵۆزی و بیرکردنەوەی سۆزداری. هەروەها دەرفەتی ئەوەت پێدەدات قووڵتر بیر لە ژیان بکەیتەوە کە رەنگە لایەنی درەوشاوە و شکستیشی تێدابێت.

یادنووسی رۆژانە هاوڕێیەکە کە نهێنییەکانت دەپارێزێت: ئەو کەسانەی یادەوەرییەکانیان دەنووسنەوە، ئەگەر حەز نەکەن کەس بیبینێ، ئەوا بۆیان دەبێتە هاوڕێیەکی نهێنیپارێز، دەبێتە رازی ئەو نهێنیانەی کە کەسەکە نایەوێ بۆ کەسیان باس بکات و دەیەوێ تەنیا لەلای خۆی بیانهێڵێتەوە. دەتوانێ هەموو شتێک بنووسێت و لێپرسینەوەی لەسەر نییە، وەکو هاوڕێیەکی بێدەنگی لێ دێت کە متمانەت پێی هەیە.

کەواتە یادنووسی رۆژانە، جگە لەوەی ئەم سوودە دەروونییانەی هەیە، بنەمایەکی گرنگیشە بۆ نووسینەوەی یادەوەری کەسایەتییەکان. هەڵبەت کەمیش نین ئەو کەسانەی یادەوەری خۆیان دەنووسنەوە بێ ئەوەی پێشتر یادنووسی رۆژانەی خۆیان تۆمار کردبێت، بەڵام بێگومان ئەوانەی یادنووسی رۆژانەی خۆیان تۆمار کردووە و دواتر بۆ نووسینەوەی یادەوەرییەکانیان سوودی لێ دەبینن، کارەکەیان وردتر و رێکوپێکترە.

لە ئەدەبیاتی جیهانیدا دەرکەوتنی دانپێدانانەکانی قەشە سانت ئۆگەستین (354–430ز)، بە سەرەتای دەرکەوتنی نووسینەوەی بیرەوەری دادەنرێت، هەروەها لە ئەدەبیاتی رۆژئاوادا دانپێدانانەکانی جان جاک رۆسۆ (1712–1778ز) سەرەتای دەرکەوتنی ئەدەبیاتی نووسینەوەی ژیاننامەیە، بەڵام "ژیاننامەی خودی" وەکو زاراوە، بۆ یەکەمجار لە سەرەتای سەدەی نۆزدە لە ئینگلتەرا بەکارهات.

لە ئەدەبیاتی کوردیشدا میرزا عەبدولڕەحیمی کوڕی مەلا غەفووری ناسراو بە (وەفایی) (1844–1903ز)، یەکەم نووسەری کوردە کە بیرەوەرییەکانی خۆی بە ناونیشانی (تحفة المريدين) نووسیوەتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی وەفایی بیرەوەرییەکانی بە زمانی فارسی نووسیوە، کارەکەی ناچێتە چوارچێوەی ئەدەبیاتی کوردییەوە.

بەڵام یەکەم کەس کە هەوڵی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی خۆی دابێت بە زمانی کوردی، شاعیری کورد یونس رەئووفی ناسراو بە (دڵدار)ە. ئەو بیرەوەرییەکانی بە ناونیشانی "موزەکەراتی یونس رەئووف- دڵدار" نووسیوەتەوە، بەڵام بەهۆی مەرگی لەناکاوی نەیتوانیوە تەواوی بکات و بە نیوەچڵی بەجێماوە.

لە دوای ئەو، کتێبی "یادداشت"ی رەفیق حیلمی دێت کە لە نێوان ساڵانی (1956–1958ز) بە شەش بەرگ لە بەغدا بڵاوبووەتەوە، دواتر ژمارەیەک بیرەوەری دیکە دەنووسرێن، بەڵام ژمارەیان کەمە، تا دەگاتە دوای راپەڕینی ساڵی (1991ز) و تا ئێستا کە کتێبی یادەوەری لە ئەدەبی کوردیدا زۆر زیادی کردووە.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە لەسەردەمی ئێستادا، تەنیا ئەو شێوازەی یادەوەری نەماوە کە نووسەر خۆی ژیانی خۆی بنووسێتەوە، بەڵکو ئێستا نووسینەوەی یادەوەری لە شێوەی فیلمی بەڵگەنامەیی و چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی و چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنیشدا ئەنجام دەدرێت و بڵاودەکرێتەوە، بێگومان رەنگە سەردەمەکانی داهاتوو، جۆری دیکەشیان لەهەناودا بێت و لەگەڵ پێشکەوتنەکان، نووسینەوە و تۆمارکردنی یادەوەریش گۆڕانی بەسەردا بێت.

### ژێدەر:

**– ادب المذكرات الشخصية.- صالح الركيان، موقع: www.abunawaf.com**
**– كتابة المذكرات الشخصية.. ما الذي تضيفه هذه العادة لحياتك؟- ايثار جمال، موقع: www.sasapost.com/**
**– بیرەوەرییەکانی وەفایی (تحفة المريدين)- گرد و کۆی: مامۆستا قازی محەمەد خزر، وەرگێرانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری رامان (1999).**
**– دڵدار، شاعیری شۆڕشگێڕی کورد- عەبدولخالق عەلائەدین، دار افاق عربية للصحافة و النشر، (1985).**
**– بیبلۆگرافی دووسەد ساڵی کتێبی کوردی (1787 – 1986) – مستەفا نەریمان، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری، بەغدا (1989).**



## تەوەری (چیرۆک)

ژانری چیرۆک پەیوەندییەکی بنەڕەتی بە هونەری گێڕانەوەوە هەیە، بۆیە لە زۆربەی ژانرەکانی دیکەی ئەدەبدا هەیە. ئاخر ژیان خۆی چیرۆکێکی درێژە، یان ئەگەر لە ڕوانگە ئایینیەکانەوە لە ژانری چیرۆک بڕوانین، ئەوە ژیان چیرۆکی سەفەرێکە. ژیانی هەر یەکێکیشمان بۆ خۆی چیرۆکێکە، کەواتە چیرۆک لە زۆربەی ژانرەکانی دیکەی ئەدەبیاتدا هەیە و هەندێکیان تەنانەت بەبێ ڕەگەزی چیرۆک ناتوانن هەبن. بۆ نموونە کام شانۆنامە هەیە ڕەگەزی چیرۆکی تێدا نەبێت؟ ئایا دەشێت بیرەوەری بنووسینەوە و ڕەگەزی گێڕانەوەی چیرۆکمان نەبێت؟ کام ڕۆمان هەیە چیرۆکی تێدا نەبێت؟ زۆر جاران شیعرێکی کورتیش چیرۆکێکی درێژی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، کەواتە دەپرسین: چیرۆک چییە؟ بۆچی ئێمەی مرۆڤ پێویستمان بە چیرۆکە؟ ئایا هەمووومان بوخچەیەک یان کۆگایەک نین لە چیرۆک؟ بوونی ئەو هەموو چیرۆکە لە ژیانماندا پێویستی بە چییە بۆ گێڕانەوە؟ ئایا هونەری گێڕانەوە چییە؟

سازدانی: غەمگین بۆڵی



### نووسەر و چیرۆکنووس رزگار لوتفی:

# چیرۆك خوڵقاندنی ئەزموونێكی هەستەوەرانەی بەهێزە لە بەردەنگدا

**ڕووداو: چۆن دەتوانین پێناسەیەکی گشتگیر بۆ چیرۆک بکەین، ئایا ژیان خۆی چیرۆکێکی بێ برانەوەیە؟ چیرۆک چییە؟**

**رزگار لوتفی:** سەرەتا حەز دەکەم کەمێک زیاتر بە پرسیارەکەتاندا شۆڕ وەبم و لێی ورد ببمەوە، ئەوەی ئێوە لەم پرسیارەدا لە بەینی جۆرەکانی ریوایەتدا بە توخمی سەرەکیتان داناوە وشەی چیرۆک نییە، بەڵکوو چەمکی گێڕانەوەیە کە ئەم هاوبەشێتییە خودی چیرۆکیش دەگرێتەوە. چیرۆک بە نوێترین جۆری گێڕانەوە هەژمار دەکرێ و هەوڵ دەدەم لە کۆتایی وەڵامەکەمدا ئاورێکی شیاوی لێ بدەمەوە.

لە سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤدا دوای ڕاکەڕاکە و ماندووبوونێکی زۆر بۆ دەستەبەرکردنی بژێوی، ئەو کات کە مرۆڤە سەرەتاییەکان دەگەڕانەوە بۆ ناو ئەشکەوتەکانیان، لەگوێی ئاگردان دادەنیشتن و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ئەو ڕۆژەیان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە. کاتێک گێڕەرەوەکان گوێگر و سەرنجەدەری باشتریان هەبووا و بە پرسیارکردن شوێنپێی بەسەرهاتەکانیان هەڵوەگرتبا، باشتر تینیان تێ دەگەڕا و بە تام و چێژی زیاترەوە ڕووداوەکانیان بۆ دەگێڕانەوە. بەرەبەرە و بەدرێژایی چاخەکان ئەم چێژبەخشینانەی گێڕەرەوەکان بوون بەهۆی ئەوەی کە وزەی خەیاڵ وەک توخمی سەرەکیی گێڕانەوە، پەرەی پێ بدرێ و ئەرکی زیاتری لە ئەستۆ بنرێت. مەودای نێوان گێڕەرەوە و بیستەر دیاری بکرێ و لەم نێوانەشدا گێڕانەوە ڕۆڵی پەیوەندی لە نێوان ئەو دوو جەمسەرەدا بگێڕێ. بە درێژایی مێژوو مرۆڤ هەر شتێکی لەدەور بووبێ و گەر توانیبێتی بەسەریدا زاڵ بێ، بۆ باشترکردنی ژیان کەڵکی لێوەرگرتووە و دەستەمۆی کردووە. هونەری گێڕانەوەش یەکێک بووە لەو ئامرازانەی بۆ ئەم مەبەستە سوودی لێ بینیوە و بۆ ئامۆژگاری و پەندئامێزی دەکاری کردووە. هەر وەک دەزانین مرۆڤ لە هەر قۆناغێکی مێژوویدا هەڵگری هەندێ بەهای تایبەت بەو سەردەمە بووە و لەگەڵ بەرەوپێشچوون ئەوانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. ئەم ڕێسایە بواری هونەری گێڕانەوەشی گرتووەتەوە و بەپێی قۆناغەکان هەم لەباری فۆڕم و هەم ناوەڕۆکیشەوە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، سەرەتا ئەفسانەکان باو بوون، پاشان تراژیدیا و حەماسە، دواتر حیکایەت و بەیتەکان و، سەرئەنجام دیاردەیەک بە ناوی چیرۆک هاتە ئاراوە. هەرکام لەم جۆری گێڕانەوانە هەڵگری تایبەتمەندی خۆیانن و بۆ تاوتوێکردنیان دەکرێ دەیان لاپەڕەیان لەسەر بنووسرێت. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە چیرۆکە و لە بنەڕەتدا دەمانەوێ بزانین چیرۆک چییە؟

بۆ پێناسەکردنی چیرۆک گەلێک لێکدانەوە کراون کە من لێرەدا ئاماژە بە چەند دانەیەکیان دەکەم:

ـ چیرۆک بە هەر جۆرە بەرهەمێکی هونەریی پەخشانئامێز دەگوترێت.

ـ بەرهەمێکی گێڕانەوەییە کە بەشێوەی پەخشان دەنووسرێ و لەسەر بنچەی ساختەکاری و خەیاڵ داڕێژراوە.

ـ بەرهەمێکی هونەری پەخشانییە کە پتر لەوەی بە ڕاستییەکان نێزیک بێ، بە خەیاڵ گۆشکراوە.

ـ بەرهەمێکی هونەری پەخشانییە کە لە بەستێنی زەمەنێکی دیاریکراودا یەک یان چەندین ڕووداومان بۆ دەگێڕێتەوە.

ـ بەرهەمێکی هونەری پەخشانییە کە تێیدا کردە لەلایەن ئامرازی خەیاڵەوە داگیر دەکرێ و بە تەونێک دەتەنرێت.

ـ بە بەرهەمێکی هونەری پەخشانی دەگوترێ کە 1ـ پەخشانە. 2ـ خەیاڵ ڕۆڵێکی تۆخی تێدا دەگێڕێت. 3 ـ ڕووداو/ ڕووداوگەلێک تیایدا باڵا دەکەن. 4ـ پێکهاتەکەی لەسەر بنەمای دال و مەدلوول داڕێژراوە و 5ـ قەبارەیەکی دیاریکراوی هەیە.

### بێسەروبەرەیی بواری چیرۆکی کوردی، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ڕەخنە و ڕەخنەوانی جیدی



من بەپێی ئەزموونی خۆم ئاوا پێناسەی چیرۆک دەکەم:

چیرۆک خوڵقاندنی ئەزموونێکی هەستەوەرانەی بەهێزە لە بەردەنگدا، جا ئەمە لە ڕێگای نواندنەوەی واقیعەوە بێ (کلاسیک) یا ئافراندنی جیهانێکی ئیستیعاری و هێمایین (مۆدێرن) یان خوڵقاندنی جیهانێکی دەستکرد (پۆستمۆدێرن).

ئەوەش لەبیرنەکەین کە پۆلێنبەندیی چیرۆک بەپێی قەوارە بە برووسکە چیرۆک، کورتیلە چیرۆک، کورتە چیرۆک، نۆڤلێت و ڕۆمان و بەپێی هێڵی مێژوویی، بە چیرۆکی نەریتی، چیرۆکی مۆدێرن، پۆستمۆدێرن و، بەپێی ڕووداوی داستانیش بە چیرۆکی بارودۆختەوەر و کەسایەتیتەوەر دابەشکراوە.

**ڕووداو: چ شتێک کۆمەکی چیرۆکنووس دەکات تاوەکو بتوانێ چیرۆکێکی سەرکەوتوو بنووسێت؟ مەرجی چیرۆکێکی سەرکەوتوو بەلای تۆوە چییە؟**

**رزگار لوتفی:** بۆ ئەوەی بتوانی چیرۆکێکی سەرکەوتوو بنووسی، سەرەتا دەبێ چەند پێشمەرجێکت تێدا بێ: یەکەم، بەهرەی چیرۆکنووسینت هەبێ. دووەم، سەدان چیرۆکی جۆراوجۆرت خوێندبێتەوە. سێیەم، زانستی چیرۆکنووسین بزانی و ئاگاداری ژانر و جۆر و شێوازی چیرۆکەکان بیت. چوارەم، لەو بوارەدا تاقیکاریی زۆرت بووبێ و پێنجەم، بۆ ئەوەی بتوانی ئاستی ئافرێنەریت لەو بوارەدا بگەیەنیتە لووتکە، دەبێ ئەو شێواز و ستایلەت دۆزیبێتەوە کە بە تایبەتمەندییە زیهنی و سایکۆلۆژییەکانت نزیکە و ... هتد

بۆ وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەت کە مەرجەکانی چیرۆکێکی سەرکەوتوو چین، ئاماژە بە چەندین خاڵی سەرەکی دەدەم کە دەتوانن ڕۆڵی پێوەر لەو بوارەدا بگێڕن: یەکەم، سنووری نێوان خەیاڵ و واقیعی تێدا نەدۆزرێتەوە، واتە داڕشتنی چیرۆکەکە وەستایانە کرابێت و دەستکردبوونی پێوە دیار نەبێت. دووەم، هەر ڕستەیەک لە چیرۆکەکە خوێنەرەوە وا لێبکات هەنگاوی دواتر بنێ و هەتا کۆتایی دەقەکە لە دۆخی هۆگریدا بیهێڵێتەوە. سێیەم، پێکهاتەیەکی تۆکمە و یەکدەنگی هەبێ هەتا بتوانێت وەک یەکەیەکی ئۆرگانیکی زیندوو کاریگەریی بەرز دابنێت. چوارەم، خوێنەرەوە بتوانێت خۆی لەناو دالانەکانی دەقەکەدا بدۆزێتەوە. پێنجەم، توانایی ئەوەی هەبێ خوێنەرەوە لە جیهانی واقیعەوە بگوازێتەوە بۆ ناو جیهانی خەیاڵی و ساختە. شەشەم، لە زیهنی خوێنەردا پرسیار بورووژێنێ و بازنەی زانیارییەکانی پەرە پێ بدات.

ئەم خاڵانە و بڕێک خاڵی دیکەی وەک کورتبێژی، ڕەوانبێژی، مەنتقیبوونی ڕەوتی گێڕانەوە، توخمی جووڵە و نوێگەری و ... دەتوانن مەرجی سەرکەوتوویی یان ناسەرکەوتوویی دەقێکی گێڕانەوەیی وەک چیرۆک دیاری بکەن.

**ڕووداو: ئەوە زمانە یان تەکنیکە کە شێوازی چیرۆک دیاری دەکات؟ ئاخۆ لە ڕێی زمانەوە بەر ئەزموونێکی نوێی تەکنیک دەکەوین؟**

**رزگار لوتفی:** بێگومان زمان سەرەکیترین ڕۆڵ لە گێڕانەوەی هونەریانەی پەخشانێکدا دەگێڕێت و لە ڕاستەی ئەم ڕۆڵەشدایە کە توخمەکانی گێڕانەوە بیچم دەگرن و تەکنیکیش دەخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە، بەڵام ئەم ڕۆڵە لە چیرۆکی نەریتی و مۆدێرندا خوڵقێنەری ڕووداوە و لە چیرۆکی پۆستمۆدێرندا کارکردەکەی دەگۆڕێ و دەبێتە خودی ڕووداوەکە، واتە زمان لە چیرۆکدا تا ئەو شوێنە دەڕواتە پێش کە دەتوانێت هەم پەراوێزنشین بێ و هەمیش ناوەند و سەنتەری دەق داگیر بکات.

**ڕووداو: هەندێک لە چیرۆکنووسان گوتە و ڕستەی تەمومژاوی دەخەنە ناو چیرۆکەکانیانەوە کە ئەوە هونەری گێڕانەوەی چیرۆکەکانی ئاڵۆز کردووە. تۆ ئەمە بۆچی دەگەڕێنییەوە؟**

**رزگار لوتفی:** من بە ڕاشکاوی بڵێم کە ئەم پەتایە ئەگەر هەموو بەستێنی چیرۆکی کوردی نەگرتبێتەوە، بەشێکی هەرە زۆری داگیر کردووە. بە بڕوای من ئەو نووسەرانەی دەقەکانیان تەمومژاوین و خوێنەر ناتوانێت پەیوەندییان لەگەڵدا ساز بکات و لە خوێندنەوەیاندا تووشی سەرلێشێواوی و ئاڵۆزی دەبن، هێشتا لەو بوارەدا پێنەگەیشتوون و کامڵ نەبوون. دەردی ئێمە لە بنەڕەتدا نەخوێندەوارییە، ئەو بەشەی کە هەوڵ و خوێندنەوەیەکیشیان هەیە گەلێک جار لەگەڵ دەقی ناپوختە و لێڵی وەرگێڕدراوی بیانیدا بەرەوڕوو دەبنەوە. بۆ نموونە ئێمە چیرۆکی سەمبولیستیمان هەیە، چیرۆکی ئیمازیستی و هێماییمان هەیە، چەندین جۆر چیرۆکی پۆستمۆدێرنیستی بێ پلانمان هەیە کە هەرکام لەمانە تیۆر و ڕێساگەلی تایبەت بە خۆیان لە پشتە و لەسەر ڕەوتێکی سرووشتی هاتوونەتە ئارا. ئەم جۆرە دەقانە کاتێک بۆ سەر زمانی کوردی وەردەگێڕدرێن ـ چون زۆربەی وەرگێڕەکانمان ئاگایی و لێهاتووییان لەو بوارانەدا نییە ـ بە نوقسانی دەگەنە بەردەستمان و کاتێکیش چیرۆکنووسەکانمان دەیانخوێننەوە، زەوق دەیانگرێ و حەز بە لاساییکردنەوە دەکەن. ئالێرەدایە کە دەقێک دەنووسرێ تەمومژ دایگرتووە و تەنانەت خودی نووسەرەکانیشی ناتوانن چەند ڕستەی لەسەر بدوێن.

ئەم ڕەوتەش بەرەو باشبوون ناڕوات ئەگەر کارگە و سەنتەرە داستانییەکان وەک کارگ دەرنەتۆقێن و وەرگێڕی بە توانا، دەقە سەرچاوەییەکانی ئەدەبی داستانی جیهانی وەرنەگێڕنەوە و ڕەخنەی پرۆفیشناڵیش نەیەتە ئارا.

**ڕووداو: ئەدەبی پۆستمۆدێرن چ کاریگەرییەکی لەسەر چیرۆکی کوردی هەبووە، یان چیرۆکی کوردی چۆن خۆی ئاوێتەی ئەدەبی پۆستمۆدێرن کردووە؟**

**رزگار لوتفی:** هەر بزووتنەوەیەک کە دێتە ئارا، بەبێ هۆکار بیچم ناگرێ، واتە هەتا بەستێنێکی کۆمەڵایەتی و فکری لە ئارادا نەبێ، ئەو بزووتنەوەیە عەینییەت پەیدا ناکات. بۆ نموونە تا مۆدێرنیتە هەموو جومگەکانی ژیانی ڕۆژئاواییەکانی داگیر نەکرد و دەرکەوتەکانی بە مەتریال نەبوون، ئەدەبی مۆدێرنیستی نەهاتە ئارا. ئەم جۆرە ئەدەبە هەم لە ئاستی ڕواڵەت و هەم لە ناوەڕۆکیشدا بەرامبەر بە دەرهاویشتە ئەقڵ/ زانست تەوەرەکانی مۆدێرنیتە وەستایەوە و ڕەخنەی ئاڕاستە کرد. ئەم جۆرە ئەدەبە تەنیا بە ڕووی سیستەمی باودا هەڵنەشاخایەوە، بەڵکوو بە وێناکردنی ئارمانشارێکی هێمایین، ویستی بڵێ کە ئێمە دەتوانین جیهانێکی جیاوازیشمان هەبێ لەم واقیعە تاڵەی ئێستا نەچێت. بیریارانی بواری پۆستمۆدێرنیزم دەڵێن: گەورەترین هەڵەی مۆدێرنیستەکان ئەوەبوو کە تەنیا سەرنجیان دایە لایەنی عەقڵی مرۆڤ و زانستیان تا پلەی پیرۆزی بەرز کردەوە و بەم گوێرەیە ڕێگایان بۆ هاتنە مەیدانی گوتارە گەورەکان خۆش کرد. ئەدەبی پۆستمۆدێرن بە ڕەخنە لەم ڕەوتە هاتە ئارا و هەوڵی دا لایەنە نەرێنییەکانی بخاتەڕوو.

### زمان لە چیرۆکدا تا ئەو شوێنە دەڕوات کە دەتوانێت هەم پەڕاوێزنشین بێ و هەمیش سەنتەری دەق داگیر بکات

لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەشدا تایبەتمەندیگەلێکی چوون فرەدەنگی، ڕێژەگەرایی، بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی نووسەر لە بەستێنی دەقەکان و .. تاد بوونە ماکی ئەدەبی پۆستمۆدێرنیستی و بە مانیفێست کران. ئێستا لێرەدا پرسیارێک دێتە ئارا کە ئایا کۆمەڵگای کوردیش ئەو بەستێنە مۆدێرنیستییەیە کە زەرورەتی هاتنە ئارای دەقە پۆستمۆدێرنیستەکانی تێدا بەرهەم هاتبێت؟ یاخود سرووشتی کۆمەڵگا و کولتووری ئێمە لەم قۆناغەدا جێ بۆ خۆدەرخستنی ئەو جۆرە دەقانە دەکاتەوە؟!

بەڕای من ئەگەر بمانەوێ لە ئێستەدا ئەو ئەزموونەی ڕۆژئاواییەکان لێرە ڕەچاو بکەین، خوێنەری کورد ناتوانێت پەیوەندییەکی مەنتقی لەگەڵدا بگرێ و لە ئەنجامدا دەقەکان پاشگوێ دەخرێن و هەر لە سەرەتاوە بە مردوویی لەدایک دەبن.

**ڕووداو: ئەی ڕەخنەی کوردی توانیویەتی لەگەڵ هەڵزنانی چیرۆک بە باڵای گێڕانەوەدا هەنگاو بنێت؟**


**رزگار لوتفی:** بەشی هەرە زۆری ئەو نووسراوانەی لەسەر دەقە داستانییەکانمان دەدوێن، ڕەخنە نین و دەچنە ناو چوارچێوەی هەڵوێست و تێڕامانە تاکەکەسییەکانەوە. ڕەخنەی جیدی، خوێنەرێکی گەرەکە کە سەوادێکی بەربڵاو و هەمەلایەنەی لە بواری ڕەوت و تیۆرییە ئەدەبییەکاندا هەبێ و بە باشی چیرۆک بناسێت. هۆکاری ئەو بێسەروبەرەییەی کە لە بواری چیرۆکی کوردیدا دەبینرێ، بەشێکی بەرچاوی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ڕەخنە و ڕەخنەوانی جیدی. ئەگەر دەڵێم ڕەخنەوانی جیدی، مەبەستم یەکێکی وەک دکتۆر هاشم ئەحمەدزادەیە کە بە زمانێکی پاراو، کۆمەڵێک وتار و ڕەخنەی لە دووتوێی کتێبێکدا لەژێر ناونیشانی "جیهانی ڕۆمان" پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە و خوێنەری دەقەکانی دەم بەدەم ئابدەیت دەبێتەوە.

**ڕووداو: ئەی چیرۆکی کوردی لە کوێی چیرۆکی دونیادا وەستاوە؟**

**رزگار لوتفی:** لۆکاڵی یان بەجیهانیبوونی دەقێک، بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ بژارەی نووسەرەکەی. موراکامی دوای ئەوەی چەند دەقی داستانی بەرهەم دێنێ، دەکەوێتە هەڵپەرداوتنیان و لە ناویاندا ئەو دەقانەی کە یۆنیڤێرساڵن و خوێنەرەوەی گەلانی تریش دەتوانن لە گەڵیدا پەیوەندی بگرن، بە وەرگێڕەکانی دەسپێرێ هەتا وەریانبگێڕنە سەر زمانەکانی تر، ئەو دەقانەشی کە لەگەڵ تایبەتمەندییە سایکۆلۆژیکییەکانی مرۆڤی کۆمەڵگای خۆیدا تەبان و بۆ خوێنەری وڵاتانی دیکە درکیان ئەستەمە، هەر لەو وڵاتەدا چاپ و بڵاو دەکرێنەوە. بەڵام لەلای ئێمە ئەمجۆرە هەڵپەرداوتنانە هێشتا نۆڕمیان نەگرتووە و هەنووکە لە سەرەتای ڕێگەدان. ئەمە و چالاکنەبوونی وەرگێڕەکانمان لە زمانی کوردییەوە بۆ سەر زمانەکانی تر و چەندین خاڵی دیکەش، وێکڕا بوونەتە هۆی لاوازبوونی دەرکەوتنمان لە سەنتەرە ئەدەبییە گرنگەکانی جیهاندا.

لە کۆتاییشدا پێویستە بڵێم کە پرسیارەکانتان گەلێک زیاتر لەوەی لەسەریان دواین هەڵدەگرن و دەرفەتی زیاتر و لاپەڕەی پتر دەخوازن.

# سێشەممان لەگەڵ ژیان، لەگەڵ خۆشەویستی



محەمەد کوردۆ

(سێشەممان لەگەڵ مۆری) کتێبێکی (222) لاپەڕەیی (میچ ئەڵبۆم)ە کە (جووتیار ژاژڵەیی) لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی و (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە) لە ساڵی (2015) چاپی کردووە. ئەم کتێبە بەسەرهاتی ڕاستەقینەی مامۆستایەکی زانکۆیە بە ناوی (مۆری شوارتز) کە "خاوەنی دکتۆرایە لە کۆمەڵناسیدا و چەندین کتێبی باشیشی نووسیوە-ل16". بەسەرهاتەکە لەلایەن یەکێک لە قوتابییەکانی (مۆری) یەوە دەگێڕدرێتەوە کە (میچ ئەڵبۆم)ی خاوەنی کتێبەکەیە. (میچ ئەڵبۆم) کە ساڵی (1958) لە (نیوجێرسی) لەدایک بووە و لە هەردوو زانکۆی (براندیس) و (کۆڵۆمبیا) خوێندوویەتی، سەرەتا وەک (ڕۆژنامەوانی بواری وەرزشی) دەستی بە کار کردووە، پاشان وەک بێژەر لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا کاری کردووە و دوای ئەوە گۆشەیەکی بەردەوامی لە (دەزگای دیترۆیت بۆ نووسین و بڵاوکردنەوە) هەبووە و دواتریش یاداشتنامە و ڕۆمانی نووسیوە، لەو نووسەرانەیە کە کتێبەکانی زۆرترین فرۆشیان هەیە. هەر بۆ نموونە، وەک لە ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی (التقریر)دا هاتووە: (سێشەممان لەگەڵ مۆری)، (35) ملیۆن نوسخەی لێ فرۆشراوە. لە چاپە کوردییەکەشدا نووسراوە: "پڕفرۆشترین یاداشتنامەی دونیا، وەرگێڕدراوەتە سەر (32) زمانی جیهانی و لە (37) وڵاتدا بڵاوکراوەتەوە-ل6". لەناو بەسەرهات و ڕووداوەکانی ئەم کتێبەدا (مۆری)ی مامۆستا و (میچ)ی قوتابی، دوای ئەوەی لە یەکتری دادەبڕێن و لە دوو شوێنی جیاوازی ئەمریکا دەژین کە (700) میل

**ڕوانینەکانی ئەو بەگشتی و بۆ هەموو بوارەکان شایانی تێڕامانی قووڵن بە تایبەتیش بۆ ئەم سێ مەسەلە گرنگە: مردن، ژیان و خۆشەویستی (مۆری) تا ڕادەیەکی سەیر مرۆڤێکی ناوازە و تایبەت بووە**

لەیەکەوە دوورن، بۆ ماوەی (16) ساڵ ئاگایان لە یەکتر نامێنێ. (مۆری)، تووشی نەخۆشییەکی کوشندە دەبێت و هیچ هیوایەک بۆ چاکبوونەوەی نابێت. دوای بێهیوابوونی لە چاکبوونەوە، پرسیارێکی زۆر گرنگ لەخۆی دەکات: "باشە ئێستا من دەبێ چاوەڕێ بکەم وشک ببم و بمرم، یان بە باشترین شێوە ئەو کاتە بەکاربهێنم کە ماومە؟-ل21". بێگومان ڕێی دووەمیان هەڵدەبژێرێ، ئەو کاتە کەمەی کە ماوێتی، بە باشترین شێوە بەکاردێنێ، مردنی خۆی دەکاتە پرۆژەیەکی گەورە بۆ ژیان، ئەوەتا پرۆژەکەی بە دنیادا بڵاوبووەتەوە و کاریگەرییەکانی لەوسەری جیهانەوە گەیشتووەتە ئەمسەری جیهان و من (بڕوام وایە زۆر کەسی دیکەی وەکو منیشی لێرە) پڕ پڕ کردووە لە هەستی گەرم، لە ڕاچڵەکین و بەئاگاهاتنەوە. گوتمان (مۆری) و (میچ) لە یەکتری دادەبڕێن، بەڵام دوای ئەوەی ڕۆژنامەیەک بەم ناونیشانە هەواڵێکی درێژ لەسەر (مۆری) ئامادە دەکات: (مامۆستایەکی زانکۆ کۆرسێک لەسەر مردنی خۆی دەڵێتەوە) و بە دوایدا بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ (مۆری) ساز دەکرێت، (میچ)، بە تایبەت لەڕێی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکەوە، هەواڵی مامۆستاکەی دەزانێت، پەیوەندی پێوە دەکاتەوە و ئیدی تا ئەوکاتەی (مۆری) لە ژیاندا دەمێنێ، (میچ) هەموو ڕۆژانێکی سێشەممان، هەڵبەت بە فڕۆکە، (700) میل ڕێگا دەبڕێت و دەچێت بۆ لای (مۆری). ئەم کتێبە، وێڕای گەڕانەوەی بەردەوام بۆ ناو بیرەوەرییە هاوبەشەکانی (مۆری) و (میچ)، بەرهەمی ئەو (14) سێشەممەیەیە کە ئەو مامۆستا و قوتابییە پێکەوە بەسەری دەبەن. (میچ) خۆی پرۆژەکە بەم جۆرە دەگێڕێتەوە: "مامۆستا کۆنەکەم دوا کۆرسی ژیانی هەفتەی جارێک لە ماڵەکەی خۆی و لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەیدا دەگوتەوە...

کۆرسەکە سێشەممان دەخوێندرا. لەسەر هیچ کتێب و پرۆگرامێک نەدەڕۆیشت، یەک وانەشی هەبوو: (مانای ژیان) کە لە ئەزموونەوە دەگوترایەوە... کۆتا وانەی کۆرسەکە ماوەکەی زۆر کورت بوو، تەنیا چەند وشەیەک بوو، دواتریش لە جیاتی ئاهەنگی دەرچوون پرسە دانرا. هەرچەندە کۆرسەکە تاقیکردنەوەی تێدا نەبوو، بەڵام دەبوو لە کۆتاییدا باسێکی درێژ بنووسیت لەسەر ئەوەی فێری بوویت. ئەو کتێبەی ئێستا بەدەستتەوەیە، ئەو باسەیە کە من لەو کۆرسەدا بۆ مامۆستا کۆنەکەم نووسی، کۆرسێک کە تەنها یەک خوێندکاری هەبوو: ئەویش من بووم-ل12-11". ئەم کتێبە پڕە لە لایەنی سەرنجڕاکێش کە دیارترینیان ڕوانینەکانی (مۆری)یە. ڕوانینەکانی ئەو بەگشتی و بۆ هەموو بوارەکان شایانی تێڕامانی قووڵن. بە تایبەتیش بۆ ئەم سێ مەسەلە گرنگە: مردن، ژیان و خۆشەویستی. (مۆری) تا ڕادەیەکی سەیر مرۆڤێکی ناوازە و تایبەت بووە، لای ئەو، مردن و ژیان پێچەوانە و دژی یەکتر نین، بەڵکو تەواوکەری یەکترن. لای ئەو "مردن دوا پرۆژەی مرۆڤە-ل21". ئەوە مردنە وای لێدەکات "وەک شتێکی نایاب" لە ژیان بڕوانێت- ل 64. مردن لە ویژدانی (مۆری)دا هەستکردنێکی قووڵتر بە ئازاری خەڵکانی دی دروست دەکات: "ئێستا کە من لەم ئازارەدام، لە جاران زیاتر هەست بە نزیکی دەکەم لەو کەسانەوە کە ئازار دەچێژن. ئەو شەوە لە یەکێک لە کەناڵەکانەوە خەڵکی (بۆسنە)م بینی چۆن تەقەیان لێ دەکرا و ئەوانیش بەسەر ئەو شەقامانەدا ڕایاندەکرد، دەکوژران و دەبوونە قوربانی. بەو دیمەنانە گریام-ل65". "ڕەنگە مردن تاکە شت بێت کە خەڵک هەموو تێیدا یەکسانن، یان تاکە شتی گەورە بێت کە دواجار وا لە نەناسیاوەکانیش دەکات فرمێسک بۆ یەکتر بڕێژن-ل65". یەکەمین ئەزموونی مردن کە (مۆری) تەنیا دەکات، مردنی دایکێتی، ئەو زۆر منداڵ دەبێت کە دایکی دەمرێت. لە سەروەختی نەخۆشییەکەیدا، دایکی (مۆری): "هەندێکجار هاوار لە کوڕەکەی دەکات دەرمانەکانی بۆ بەرێت، -مۆری- منداڵیش کە هێشتا خەریکی یاریکردن دەبێت لە کۆڵان، خۆی لێ کەڕ دەکات. لە مێشکی خۆیدا وا بیر دەکاتەوە ئەگەر نەخۆشییەکەی دایکی پشتگوێ بخات، نەخۆشییەکە نامێنێت و دایکی چاک دەبێتەوە-ل90". دەشێت سەرەتای تێکچڕژانی ژیان و مردن، لای (مۆری) بۆ مردنی دایکی بگەڕێتەوە، ئەی دایک سەرچاوەی ژیان نییە؟ ئەی ئەوە نییە (مۆری) هێشتا منداڵە کە دایکی

دەمرێت؟ ئەی ئەوە نییە دایک دەمرێت و منداڵ درێژە بە ژیان دەدات؟ ئەی ئەمە تێکچڕژانی ژیان و مردن نییە؟ تەنانەت "تاکە شتێک کە -مۆری- لە دایکییەوە بۆی بەجێدەمێنێ بەڵگەنامەی مردنەکەیەتی-ل 94". بڕوانە: بەڵگەنامەی (مردن)، وەک تاکە شتی بەجێماوی دایک بۆ (ژیان)ی منداڵەکەی، ئەمەش دیسان تێکچڕژانێکی دیکەی مردن و ژیانە پێکەوە. دواتر، پاش

**ئەم کتێبە هاتووە پێمانبڵێت مرۆڤ دەتوانێت لە مردنیش ژیان بەرهەم بێنێتەوە، ئەی ئەوە نییە (مۆری) هەموو سێشەممەیەک لە بارەی (مردن)ی خۆیەوە، کۆرسێکی پێشکەش کردووە**

ئەوەی (مۆری) خۆی دەبێت بە باوک، ئەزموونی دووەمی لەگەڵ مردندا دەستپێدەکات. ئەمجارە باوکی (مۆری) دەمرێت و لێرەوە ئیدی خۆی بۆ مردنی خۆی ئامادە دەکات. "ئەو مردنە بڕیاری ئەوەی بە (مۆری) دا کە ژیانی پڕ بکات لە باوەش و ماچ و گفتوگۆ و پێکەنین-ل163". ئیدی لە درێژەی گێڕانەوەکانی (میچ)دا، (مۆری) بە پەیوەندیی نێوان مردن و ژیاندا شۆڕدەبێتەوە. بە قووڵی لەبارەیانەوە دەدوێت: "هەموو کەسێک دەزانێ دەمرێ بەڵام کەس باوەڕ بەو قسەیە ناکات-ل97". (مۆری) پێیوایە "مرۆڤ بۆ ئەوەی ژیانێکی باشتر و بەرهەمدارتر بژی، دەبێت بڕوا بەوە بهێنێت کە دەمرێت، هەروەها خۆیشی بۆ ئامادە بکات-ل98". چونکە لای ئەو "مرۆڤ کە فێر بوو چۆن بمرێت، فێریش دەبێت چۆن بژی-ل99". لێرەوە (مۆری) قووڵتر دەڕوات و لەڕێی (میچ)ەوە، پێماندەڵێت کێشەی گەورەی مرۆڤ لە مەسەلەی (مردن) و (ژیان)دا، "ئەوە نییە کاتێ دەزانێت دەمرێت، دڵتەنگ ببێت، بەڵکو ئەوەیە هەر لە بنەڕەتەوە ژیانی بە دڵتەنگی بەسەربردبێت-ل 48". جا ئێستا کاتی ئەوەیە بزانین (مۆری) چۆن مەسەلەی (خۆشەویستی) بە (مردن) و (ژیان)ەوە دەبەستێتەوە؟ لای ئەو ژیان خۆشەویستییە، بەریەککەوتنی مرۆڤەکانە، قسەکردن و گوێگرتنی مرۆڤەکانە لەگەڵ یەکتری و لە یەکتری، بۆیە وەک نوێژ و دوعا باوەڕ بەو دێڕەی (ئۆدن)ی شاعیر دەهێنێت کە دەڵێت: "یان یەکتریتان خۆشبوێت یان بمرن-ل 175". لای ئەو مردن کۆتایی مرۆڤ نییە: "ئەگەر یەکتریمان خۆشبوێ، ئەو خۆشەویستییەشمان بیر بمێنێ کە لە ڕابردوودا هەمانبووە، دەتوانین بشمرین و ئێرەش بەجێنەهێڵین-ل 202"، "مردن کۆتایی بە ژیانمان دەهێنێت، نەک بە پەیوەندییەکانمان-ل 202". (مۆری) پێماندەڵێت: کۆتایی مرۆڤ ئەو کاتەیە کە پەیوەندییەکانی نامێنن، ئەو کاتەیە کە خۆشەویستی نامێنێت: "لای من زیندووبوون ئەوەیە بتوانم لەگەڵ بەرامبەرەکەم کراوە بم. مەبەستم ئەوەیە بتوانم هەست و نەستەکانی خۆم لە بەردەمیدا هەڵڕێژم، قسەی لەگەڵ بکەم، هەستەکانمان لەگەڵ یەکتریدا هاوبەشی بکەین...کە ئەوە نەما منیش نەماوم-ل186". هەر لەبەر ئەم هۆکارەیشە کە (مۆری) تا زیاتر هەست بە نزیکبوونەوەی مردن بکات، گەرمتر لەبارەی خۆشەویستی و پەیوەندییەوە دەدوێت. لە ڕاستییدا مرۆڤ کە ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە، هەست دەکات مردنی (مۆری) جگە لە بیانوویەک بۆ قسەکردن و پێشکەشکردنی

کۆرسێک لەبارەی ژیان، کە ئەو (واتە مۆری) لە خۆشەویستیدا دەیبینێت، هیچ شتێکی دیکە نییە. لای (مۆری) باسکردنی مردن، باسکردنی ژیانە و باسکردنی ژیانیش باسکردنی خۆشەویستی و پەیوەندییە. (مۆری) جگە لەوەی بە مەبەستی "دزینی شتێک لە جانتای مردن-ل78"، ئەو کتێبەی بۆ مرۆڤایەتی جێهێشتووە، دوایین داواکاریشی لە (میچ ئەڵبۆم)ی قوتابی کە گێڕەرەوەی کتێبەکەیە، ئەوەیە دوای مردنیشی سێشەممان بچێتە سەر گۆڕەکەی و باسی کێشەکانی خۆی بۆ بکات، (میچ) پێیدەڵێ ئەی تۆ وەڵامم دەدەیتەوە؟ (مۆری) دەڵێت: ئەوەی بۆم بکرێ بۆت دەکەم هەمیشە وام نەکردووە؟ (میچ) دەڵێت: بەڵام مۆری گیان من ئەو کاتە ناتوانم گوێم لە قسەکانت بێت. (مۆری) چاوەکانی دادەخات و زەردەخەنەیەک دەیگرێت و دەڵێت: "دەزانی چی میچ، ئەو کاتە تۆ قسە بکە و من گوێ دەگرم-ل 198". ئەمە یانی چی؟ یانی ئەوەی (مۆری) باسی دەکات مردن نییە، ژیانە، خۆشەویستی و پەیوەندییە، ئەوەی (مۆری) بیری لێدەکاتەوە، وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد "دزینی شتێکە لە جانتای مردن" و بەخشینێتی بە ژیان، بە خۆشەویستی و پەیوەندی، هەروەک خودی کتێبەکەش هەمان مەبەستی لەپشتەوەیە. لای (مۆری) هیچ شتێک لە ژیاندا لەوە گرنگتر نییە: "مرۆڤ فێر ببێ چۆن خۆشەویستی بداتەوە و چۆنیش ڕێگە بۆ خۆشەویستی بکاتەوە بێتە ناوی-ل 66". هەروەها (مۆری) وتەی پیاوێکی ژیریش بە ناوی (لێڤین) دەهێنێتەوە کە گوتوویەتی: "خۆشەویستی

**مردن لە ویژدانی (مۆری) دا هەستکردنێکی قووڵتر بە ئازاری خەڵکانی دی دروست دەکات: "ئێستا کە من لەم ئازارەدام، لە جاران زیاتر هەست بە نزیکی دەکەم لەو کەسانەوە کە ئازار دەچێژن"**

تاکە کاری عاقڵانەی مرۆڤە-ل67". هەر سەبارەت بە خۆشەویستی، (مۆری) پێیوایە لە ئەنجامدا بردنەوە بۆ ئەوە: "خۆشەویستی هەمیشە دەیباتەوە-ل53". دواجار لای (مۆری) ئەوەی خەونی گەورەیە، ئەوەیە "ئەم هەسارەیە زۆر جوانتر و خۆشتر بێت-ل 190"، ئەوەش کە ئەم ئامانجە دەستەبەر دەکات، ئەوەیە "مرۆڤەکان فێر بن گرنگی بە یەکتر بدەن، هەست بە ئازارەکانی یەکتر بکەن، لە بەرامبەر یەکتردا هەست بە لێپرسراوێتی بکەن-ل 190". دواجار دەمەوێت بڵێم: من ئێستا خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە بەر لەوەی بمرم (سێشەممان لەگەڵ مۆری)م خوێندەوە، دەبێت لەم ڕووەوە سوپاسی (زریان)ی کوڕم بکەم، چونکە من بە هۆی ئەوەوە ئەم کتێبەم ناسی. ئەم کتێبە بەڕاستی وەک (میلۆکی جێرناڵ سێنتینێڵ) نووسیویەتی: "لەو جۆرە کتێبانەیە کە زۆر بە خێرایی دەچنە دڵی خەڵکانێکی زۆرەوە-ل 8". ئەم کتێبە مرۆڤ پڕ دەکات لە هەستی گەرم، لە ڕاچڵەکین و بەئاگاهاتنەوە، مرۆڤ هان دەدات گەرمتر باوەش بە ژیاندا بکات و زۆرترین کەڵک لە کاتەکانی خۆی وەربگرێت: "لەناکاو هەستمکرد کات زۆر لەوە بەنرخترە کە تێیگەیشتبووم. تا ئەو کاتەش مامەڵەکردنی من لەگەڵ کات وەک ئەوە وابوو ئاوێکی ڕوون و جوان بکەمە زێرابەوە-ل 27". ئەم کتێبە هاتووە پێمانبڵێت مرۆڤ دەتوانێت لە مردنیش ژیان بەرهەم بێنێتەوە، ئەی ئەوە نییە (مۆری) هەموو سێشەممەیەک لە بارەی (مردن)ی خۆیەوە، کۆرسێکی پێشکەش کردووە، کە لەسەر هیچ کتێب و پرۆگرامێک نەڕۆیشتووە و یەک وانەشی هەبووە (مانای ژیان)، کە لە ئەزموونەوە گوتراوەتەوە؟ ئەی ئەوە نییە لە کۆتایی کتێبەکەدا ئەم ڕستە بچکۆلانە (دوو وشەییە) نووسراوە: (وانەکە بەردەوامە)؟

